# ڕژێمی ستالینی– سەرمایەداری دەوڵەتی یە

## نووسینی: تۆنی کلیف

## تویکارکردنی لاشەیەك

نۆسالْ بەر لە ئێستا دیواری بەرلین رووخا. دوای ماوەیەك ڕژێمە ستالینی یەکانی ئوروپای ڕۆژهەلأت و رووسیاش بە هەمان چارەنووس گەیشتن.

51 سالْ لەمەوبەر, یانی سالْی 1947 , گەیشتم بەو ئەنجامەی کەوا ڕژێمی ستالینی سەرمایەداریەکی دەوڵەتییە. لەم بارەیەشەوە و بۆ پێشخستنی ئەو تیۆریە دوو کتێبیشم نووسی. بەدڵنیاییەوە کەس ناتوانیْ قەناعەتی تەواوی بە بۆچوونەکانی خۆی بێت هەتاکو ڕووداوەکان دووپاتی دروستی یەکەی نەکەنەوە. دارووخانی ڕژێمی ستالینی پشتگیری لە دروستی یان تۆکمەیی ئەم تیۆرییە کرد گەر دکتۆرێك بە نەخۆشێك بڵێت نەخۆشی شێرپەنجەی هەیەو دکتۆرێکی تر پێی بڵێت سیلی هەیە. تەنها دوای مردنی نەخۆشەکەو لەرێ ی تویکاریی یەوە دەتوانریْ روون بکرێتەوە کە کامیان ڕاستی یان ووتووە.

داڕوخانی ڕژێمی ستالینی کاری ئەنجامدانی ئەم جۆرە تۆێکارییەی ئاسانترکرد . ئەگەر روسیا ولاتێکی سۆسیالستی بووە یاخود ڕژێمی ستالینی حوکومەتێکی کرێکاری بووە ـ ئەگەرچی ئەم حکومەتە ناکاملْ و شێواویش بێت .. کەواتە دارووخانی ستالینیزم بەو مانایە دێت کە دژە شۆڕشێك ئەنجامدراوە و دەسەلاتی وەرگرتووە. هەلبەتە کرێکارانیش پارێزگاریان لەحکومەتی کرێکاری دەکرد هەروەك چۆن هەمیشە سەندیکاکانی خۆیان دەپارێزن – هەرچەندە ئەو سەندیکایانە سەر بەباڵی ڕاست و بیرۆکراتیش بن– دژی ئەوانەی هەوڵدەدەن ئەو سەندیکایانە لە ناوبەرن کرێکاران بەهۆی ئەزموونەکانیانەوە دەزانن کە سەندیکا–هەرچەندە لاوازیش بێت–ڕێکخراوێکی دیفاعی کرێکارانە. کرێکاران لەو شوێنەدا کە یەکگرتوون کرێی زیاترو هەلومەرجی باشتریان هەیە لەوانەی کە یەکگرتوو نین.

ئایا کرێکاران لە رووسیا و ئەوروپای خۆهەلأت لە سالأنی 1989–1991دا پارێزگاریان لە ڕژێم کرد؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. کرێکاران بە تەواوی لەم ڕووەوە سلبی بوون و ئاشووب و توندوتیژیی یەکی کەمتر لە سەردەمی مانگرتنی کرێکارانی کانەکان لە بەریتانیا سالْی 1984–1985 بەرپابوو. تەنها ڕژێمێك پارێزگاری لێکراو ئاشووب لە وولأتەکەیا بەرپابوو, ڕۆمانیا بوو..بەلأم ئەم بەرگری لێکردنە لەلایەن کرێکارانەوە نەبوو بەڵکو دەزگای سەرکوت کەرو پۆلیسی نهێنییەوە ئەنجام درا.

جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە, کە ئەگەر ئەوەی ڕوویدا ( دژە شۆڕش ) بوو.. دەبوو ئەو دەسەلأتدارانەی لە سەرووی کۆمەڵکاوە بوون لابدرانایە. کەچی دیاردەی هەرە باووی هاوکاتی دارووخانی ڕژێمە ستالینی یەکان مانەوەی ئەو دەسەلأتدارانە بوو–NOMINKLATURA ئەوانی ئابووری و کۆمەڵگە و سیاسەتیان لە هەمان سەردەمی ستالینییەتدا بەڕێوە دەبرد, دوای ڕووخانیش هەر لە دەسەلأتدا مانەوە. سالأنی 1989–1991 بۆ ئەو جۆرە کەسانە نە هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە نە هەنگاوێك بۆ دواوە بەڵکو بەسادەیی جێگۆڕکێیەك بوو.

کەواتە ئاشکرایە هیچ گۆڕانکارییەکی بابەتی لە نێوان ڕژێمی ستالینی و ئەو ڕژێمەی ئێستا لە سەر کارە لەڕووسیاو ئەوروپای ڕۆژهەلأتدا. هەروەکو چۆن ئێستا کەس نکوڵی لەوە ناکات کە ڕژێم BRGO یەکی سەرمایەدارییە.ئەوساش هەروابوو.

## لەدایکبوونی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕووسیا

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 چینی کرێکاری لە ڕووسیا گەیاند دەسەڵات. کارکردنی ئەم شۆڕشە لە ڕووی جیهانییەوە ئەوپەڕی جەماوەری بوو. شۆڕشە کرێکارییەکان لە ئەڵمانیا, نەمسا, هەنگاریا بەرپابوون و حزبی کۆمۆنیستی جەماوەری لە فەڕەنسا, ئیتالیا و زۆر شوێنی کە هاتنە کایەوە. لینین وترۆتسکی بە تەواوی ئەوەیان دووپاتکردبووەوە کەچارەنووسی شۆڕشی ڕووسیا پشتی بەستووە بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئەڵمانیاوە. کەبەبێ ئەوە-هەر وەکو چەند جارێکیش ئەمەیان دووپاتکردبووەوە لەناوچوون مسۆگەرە.

شۆڕشی ساڵانی 1918 –1923 ی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی تراجیدیانە بە شکست گەیشت. نەبوونی حزبێکی شۆڕشگێر و کادیری بە ئەزموون شۆڕشەکەیان لە ناو برد. هەروەکو چۆن لە چەند شۆڕشێکی تریشدا بە هۆی نەبوونی حزبی شۆڕشگێڕەوە ئەو شۆڕشە پڕۆلیتاریانە لە ناو چوون.. ئیسپانیا 1936, ئیتالیا 1944 – 1945, هەنگاریا 1956, فەرەنسا 1968, پورتوگال1974, ئێران1979, پۆڵندا 1980-1981.

شکستی شۆڕشی ئەڵمانیا لە ساڵی 1923 بووە هۆی نغرۆبوون لە زەلکاوی ڕەشبینی و زاڵبوونی ڕاستڕەوی و دەسەڵات وەرگرتنی لە ڕووسیادا. لە ساڵی 1923 ستالین بە ئاشکرا هێرشی دەکردە سەر ترۆتسکی و بارودۆخی نەخۆشکەوتنی لینینی قۆستەوە و سوودی لە دوورکەوتنەوەی ئەو وەرگرت. ئەو شیکردنەوەی ترۆتسکی کردوویەتی بۆ سەرهەڵدانی ستالینیزم وەکو بەرهەمی گۆشەگیرکردنی شۆڕشی ڕووسیا و فشاری جیهانی سەرمایەداری , تەواو لە جێی خۆیدایە. هەربۆیە وەسفکردنی رژێمی ستالینیەت – وەکو حکومەتێکی کرێکاری شێوێندراو, لەلایەن ترۆتسکییەوە ئامانجی خۆی پێکاوە.

سەرەڕای ئەوەش, چی ڕوودەدات ئەگەر فشاری جیهانی سەرمایەدای هەر لە ئارادابێت ؟ ئایە ئەشێ چەندایەتی ئەو فشارە چۆنایەتییەکەی بگۆرێت؟

ئەگەر سەگێکی هار هێرشی کردە سەرم پێویستم بەوە دەبێت هەمان مامەڵەی لە گەڵدا بکەم. ئەگەر ئەو توندو تیژی بەکاربهێنێت منیش دەبێ توندوتیژبم لەگەڵیدا. گومانیشی تیا نییە کە دانەکانی من وەك هی ئەو نییە, کەواتە ئەبێ من دارێك هەڵبگرم.. گەر سەگەکەم کوشت , ئەو هاوشێوەبوونەی لە نێوان من و سەگەکەدا هەیە کۆتایی دێت. ئەگەر سەگەکەش من بکوژێت بە هەمان شێوە هاوشێوەبوون کۆتایی دێت. بەلاّم چی ڕوودەدات ئەگەر من ئەوەندە بەهێز نەبم سەگەکە بکوژم و ئەویش ئەو هێزەی تیا نەبوو من لە ناو بەرێ و هەردووکمان بە ناچاری لە ژوورێکدا بۆ ماوەی چەند مانگێك بە زیندانی ماینەوە؟ بێگومان لەم بارەدا کەس ناتوانێ پەی بە جیاوازی من و سەگە هارەکە بەرێت.

ڕژێمی سۆڤێتی لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا , بەریتانیا , ولاّتە یەکگرتوەکان , فەرەنسا , یابان , ڕۆمانیا , فنلندا, لاتڤیا , لیتوانیا و تورکیاوە هێرشی کرابووە سەر. ئەم سوپایانە شان بە شانی هێزەکانی سوپای (سپی ) ڕووسیا نەیان توانی شکست بە سوپای سوور بهێنن. لە بەرامبەریشدا حکومەتی شۆڕشگێڕی ڕووسا نەیتوانی 52 حکومەتە سەرمایەدارییەکانی جیهان تێکبشکێنێت. لەبەر ئەمەش, لە کۆتایی فشاری هێزە سەرمایەدارییەکاندا ڕژێمی ستالینی زیاترو زیاتر شێوەی جیهانی سەرمایەداری وەردەگرت. یاساکانی جووڵانەوەی ئابووری و سوپای ڕووسیا تەواو بوونە وێنەیەك لەوەی کە لە جیهانی سەرمایەداری دا هەیە.

کاتێ ستالین لە ساڵی 1928 دا ڕایگەیاند کەوا لە ماوەی 15-20 ساڵی تردا ڕووسیا بە ڕیزی ولاّتە پیشەسازییە پێشکەوتوەکان دەگاتەوە. مەبەستی ئەوەبوو کە لە سەردەمی یەك نەوەیەکدا ڕووسیا ئەو قۆناغە دەبڕێت کە بەریتانیا 100 ساڵی خایاند لە بەدیهێنانی شۆڕشی پیشەسازیدا. لە بەریتانیا 300 ساڵی ویست تاکو ناوچە قەدەغەکراوەکان

لە جووتیاران سەندرایەوە و ئاسانکاری هاتە کایەوە بۆ پێشکەوتنی سەرمایەداری. جوتیاران تەنها لە ماوەی 3 ساڵدا زەوییەکانیان لێسەندرایەوە بە هۆی پرۆسەی بەناو (بەکۆمەڵکردن–کۆڵخۆز)ەوە.

دەیان ملیۆن لە خێزانە جوتیاریەکان زەوییەکانیان لێ زەوتکراو ناچارکران لە کێڵگە هەرەوەزییەکاندا کاربکەن بۆ ئەوەی کرداری هەڵلوشینی (زیادە بەرهەمی) دانەوێڵە ئاسانتربێ و لە بازاڕەکانی جیهاندا بفرۆشرێت لە پێناوی کڕینی کەرەستە و ئامێرەکان و هەروەها دابینکردنی خواردن بە نرخێکی هەرزان بۆ ملیۆنان کرێکاری تازەی پیشەسازی. ملیۆنان جووتیار نێردران بۆ کامپەکانی کۆیلەکردن لە سایبیریای (گۆلاگەکان). ترس و تۆقی (بە کۆمەڵکردنەکان)ی ستالین وەسفێکی مارکس دێنێتەوە یاد کە لە بەرگی یەکەمی کتێبی سەرمایە دا لە بارەی ناوچە داخراوەکانی بەریتانیاوە نوسیویەتی :[ سەرمایەداری هەر لە بەرەبەیانی لە دایکبوونیەوە تا لە ناوچوونی لە ناو خوێن وقوڕدایە ].

کرێکاری کۆیلە لە ڕووسیا ڕۆڵی کۆیلایەتیمان لە ولاتەیەکگرتووەکاندا بیردێنێتەوە کە چۆن ببوونە یارمەتی دەرێك بۆ گەڕانی هەرچی زیاتری چەرخی سەرمایەداری ئەمریکا. هەروەها ڕۆڵی بازرگانی کۆیلەکان لە پێشخستنی سەرمایەداری لە بەریتانیادا: دیوارەکانی (بریستۆل) بە خوێنی ڕەش پێستەکان سواخدراوە.

ستالین کاتێ دەزگا پیشەسازییە–سەربازییەکەی خۆی بنیاد نا, دەبوو لە بناغەیەکی زۆر لاوازتر لەهی ئەو وولاتانەی ڕووبەڕوویان دەبووەوە, دەست پێ بکات. بەلاّم بە تەمایەکەوە کە هیچی لەوان کەمتر نەبوو. ئەگەر ئەڵمانیای نازی تانك و فڕۆکەی هەبوویێت, ئەوا ئەو ئامێرە سەربازییەی ستالین بنیادی نابوو هەرگیز ئاستی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لە ڕووسیادا بەرجەستە نەدەکردەوە. [بە جیا لە هەمووشتێك, لە ساڵی 1928 دا جووتیارەکان تراکتۆریان نەبوو بەڵکو بە گاسن–سۆخا sokha زەویان دەکێلاّ] . بەلاّم هەردەبوو ئاستی ئەڵمانییەکان بەرجستەبکەنەوە.

لانی زۆری بە پیشەسازیکردنی ڕووسیا لە بەشی پیشەسازی قورس دا بوو کە بناغەیەکی پێك دەهێنا بۆ پیشەسازییە جەنگییەکان.

یەکێ لەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامم دابو و زۆر پەییم بە سوودەکانی بردبوو.. بەراوردکرنی بەرهەمهێنان[54] بوو لە پلانە پێنج ساڵەییە جیاوازەکاندا. ئامانجەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم وپێنجەمی پلانە پێنج–ساڵەییەکانم دۆزیەوە و بەراوردم کردن لە گەڵ یەکتردا { کە ئەم کارە لە ڕوسیای ستالینیدا کەس نەیدەوێرا ئەنجامی بدات } .

کاتێ قسە لەبارەی پیشەسازی قورسەوە بێت. ئامانج بۆ بەرهەمهێنانی پۆلاّ لە پلانی پێنج–ساڵەی یەکەمدا 10,4 ملیۆن تەن بوو. دووەم 17 ملیۆن تەن, سێهەم 28 ملیۆن تەن, چوارەم (ئەویش بە هۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە بوو )25,4 ملیۆن تەن, لە پێنجەم پلانیشدا گەیشتە 44,2 ملیۆن تەن. لەمەشدا زۆر بەڕوونی هەڵکشانی ڕوولەسەری نەخشەکە دەردەکەوێت. هەمان شتیش دەکرێ لە بارەی بەرهەمەکانی کارەبا, خەڵوز, ئاسنی خاو و ...هتد بوترێت.

بەلاّم کە دێیتە سەر کالاّی بەکارهێنان(المواد الاستهلاکیە) وێنەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە. بۆ نموونە ئەو کالاّیانەی لە لۆکە دروست دەکرێن: یەکەم پلانی پێنج–ساڵە ئامانج 4,7 ملیۆن مەتر بوو, دووەم 5,1 ملیۆن مەتر, سێیەم 4,9 ملیۆن مەتر, چوارەم 4,7 ملیۆن مەتر. بەم شێوەیە بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵ ئامانجەکان بە هیچ شێوەیەك بەرزبونەوەی بە خۆیەوە نەبیی .لە مەڕ کالاّخورییەکانیشەوە وێنەکە زۆر تاریکترە. یەکەم پلان ئامانج وابوو

بەرهەمهێنان بگاتە 270 ملیۆن مەتر, دووەم 227 ملیۆن مەتر, سێیەم 177 ملیۆن مەتر, چوارەم 159 ملیۆن مەتر. بەرهەمهێنان لە ماوەی 20 ساڵدا 40% هاتە خوارەوە.

{ رووسا زۆر کارامە بوو لە دروستکردنی مانگە دەستکردەکاندا sputniks, بەلام لە بەرهەمهێنانی پێلاودا وانەبوو. }

سەرمایەداری هەژموونی پێویستبوونی کەڵەکەکردنی سەرمایەی بەسەرەوەیە. فۆرد ناچارە سەرمایە وەبەربهێنێ ئەگینا لە سەر دەستی جەنەراڵ مۆتۆرز شکست دەهێنێت. پێشبڕکێی نێوان دامەزراوە سەرمایەدارییەکان لایەنەکان ناچاری وەبەرهێنانی زیاترو زیاتر دەکات بۆ کەڵەکەکردنی هەرچی زیاتری سەرمایەیە. هەروەها پێشبڕکێی نێوان سەرمایەداران لایەنەکان ناچاری ئەوە دەکات زۆرترین ژمارە لە کرێکاران بچەوسێننەوە. زۆر و ستەمی سەرمایە بەسەر کرێکارانەوە دیوەکەی تری دراوی پێشبڕکێی نێوان سەرمایەکان پێکدێنێت.
هەمان شت لەبارەی زۆرو ستەمی ستالینییەتیشەوە بەسەر کرێکاران و جوتیارانی رووسیاوە راستە. چەوسانەوەی دڕندانە, بە gulag یشەوە بەرهەمی ئەو پێشبڕکێیەبوو لە نێوان روسیای سەرمایەداری و هێزەکانی تری سەرمایە–لە پێش هەمووشیانەوە ئەڵمانیای نازی.

لە ساڵی 1947 بەدواوە من چیتر ووشەی یەکێتی سۆڤیەت یان USSR م بەکار نەهێناوە. هەردووکیان تەواو درۆ بوون. هیچ شورا (سۆڤیەت)یك لە رووسیای ستالین دا نەبووە. لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا تەنها یەك پاڵێوراو هەبووە لە هەر stituency یەکدا [ بەهەمان شیوەی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیای نازی] . هەرگیز ئەو پاڵێوراوە 99% کەمتر و 100% زیاتری دەنگەکانی نەدەهێنا تەنها لە یەك بارداا نەبێت ئەویش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1947 نەبێت کە بۆ شورای باڵا ستالین 140%ی دەنگەکانی هێنا. بۆ سبەینێ (پراڤدا) مەسەلەکەی بەم شێوەیە شیکردەوە: خەڵکی لە وولاتە دراوسێکانەوە هاتن دەنگ بۆ ستالین بدەن بۆ ئەوەی پشتگیری پڕ لە سۆزی خۆیان لە ئەو دەربڕن. هەمیشە ئەنجامەکانی دەنگدان یەکسەر لە دوای جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکانەوە رانەدەگەیەنران. تەنها لە جارێکدا نەبێت ئەویش ریفراندۆمی ساڵی 1940 بوو لە بارەی پەیوەستبوونی لاتڤیا و لیتوانیا و ئیستۆنیا بە USSRەوە.. کە تیایدا ئاژانسی دەنگوباسی مۆسکۆ Tass هەڵەیەکی کرد و رۆژێك پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە ئەنجامەکەی بلاوکردەوە. رۆژنامەی (London Times) یش بە هۆی ئەوەوە کەوتبووە هەمان هەڵەوە.
ئێمە ناتوانین بەم حاڵەتە بڵێین یەکێتی, چونکە یەکێتی یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیە. لە نێوان ئۆکرانیا و رووسیادا هیچ جۆرە یەکێتییەك نەبوو جگە لەو شێوە یەکێتییەی کە لە نێوان هیندستان و بەریتانیا هەبوو. رووسیا ئیپراتۆریەت بوو نەك یەکێت . سێیەم پیت لە USSR پیتی s کە کورتکراوەی سۆسیالیستە socialist , رووسیا سۆسیالیست نەبوو بەڵکو سەرمایەدارییەکی دەوڵەتی بوو. دوا پیتیش R کورتکراوەی ووشەی کۆمارە Republic یانی بوونی دیموکراتیەت, بەلام رووسیا یەك زۆر و ستەمێکی شمولی بوو.

## چەند بۆچوونێك لە دژی تیۆری سەرمایەداریی دەوڵەتیی

سێ بۆچوونی سەرەکی خراونەتە روو بۆ هەڵوەشاندنەوەی تیۆری سەرمایەداریی دەوڵەتیی . یەکەم: سەرمایەداریی بەوە ناسراوە کە خاوەندارێتی تیایدا تاکە کەسی یە, لە رووسیا هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەوڵەت خاوەنی بوو , نەوەك تاکە کەس دووەم : سەرمایەداری نامۆیە بە نەخشەسازی, ئابووری رووسیا ئابوورییەکی نەخشە بۆرێژراو بوو. سێیەم: ئەوەی کە پێویست بوو لە رووسیای ستالینی دا لە رێگای شۆڕشێکی سیاسی یەوە دەست بەرێ بۆ گۆڕینی بنیادی حکومەت و هیچی تر, لە کاتێکدا لەژێر سایەی سەرمایەداری دا نەك هەر ئەوە بەڵکو دەبێ دەست بەری بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیش .

لەسەر هەر یەکێك لەم بۆچوونانە قسەمان دەبێت.

پرۆدۆن, کە سۆسیالیستێکی فەرەنسی (muddted) بوو, لە ساڵی 1847 کتێبێکی بەناوی فەلسەفەی هەژاریی (The Philosophy of Poverty) یەوە نووسیویەتی کە سەرمایەداری یەکسانە بە خاوەندارێتی تایبەت . مارکس لەبەرامبەری دا، لە نووسینێکی ڕەخنەییدا دژ بە پرۆدۆن کتێبی هەژاریی فەلسەفە (The Poverty of Philosophy) دەرکرد و نووسیویەتی کە (خاوەندارێتی تایبەت تەجریدێکی juridical ە). ئەگەر خاوەندارێتی تایبەت یەکسانە بەسەرمایەداریی کەواتە لە سەردەمی کۆیلایەتیش دا سەرمایەداریی هەبووە لەبەر ئەوەی خاوەندارێتی تایبەت هەبووە. لەسەردەمی دەرەبەگایەتیشدا سەرمایەداریی هەر هەبووە چوونکە خاوەندارێتی تایبەت بووە. بیرۆکەکانی پرۆدۆن تێکەڵیەکی بێ سەروبەر بوون . شێوەی خاوەندارێتی تەنها هەر شێوەیە, قەت ناوەڕۆکەکەت پێ ناڵێت. دەکرێ خاوەندارێتی تایبەت هەم لە کۆیلایەتی دا هەبێت و هەم لە کۆیلایەتی زەوی دا هەروەها لە کری گرتەییشدا . ئەگەر یەکێ ووتی (من بوتڵێکی پڕ لە خواردنەوەم هەیە).. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خواردنەوەکە چ جۆرێکە . لەوانەیە مەی بێت , لەوانەشە ئاو بێت یاخود چڵکاو .لەبەر ئەوەی بوتڵ و ناوەڕۆکەکەی یەك شت نین, ئەوا هەمان ناوەڕۆك دەکرێ بخرێنە دەفری تری جیاوازەوە. ئاو دەتوانری لەبوتڵدا هەڵی بگریت یان بخرێتە پەرداخەوە، یان کوپێکەوە . ئەگەر خاوەندارێتی تایبەت هەم کۆیلایەتی و هەم کۆیلایەتی زەوی و هەم کاری گرتەیی بگرێتە خۆی , کەواتە بەدڵنیاییەوە کۆیلایەتی هەم لەخاوەندارێتی تایبەت دا دەردەکەوێ و هەم لە باری خاوەندارێتی دەوڵەتی یەوە . هەرەمەکانی میسر لەلایەن کۆیلەکانەوە دروستکراوە. من دڵنیام کە هیچ کۆیلەیەك بەکۆیلەکەی هاوڕێی نەوتووە : (سوپاس بۆ یەزدان کە بۆ تاکەکەسێ کارناکەین بەڵکو بۆ فیرعەون – یانی دەوڵەت– کە خاوەنمانە).لەسەدەکانی ناوەڕاست دا پەیوەندی باو لە نێوان جوتیارە (کۆیلەکانی زەوی ) گوندنشینەکان و ئەو دەرەبەگانەی کە ئاغایەتی ناوچەکانیان دەکرد, شێوازێکی تری لە سوخرەکێشی هەبوو– کاری سوخرە بۆ ئەو شوێنانەی کڵێسا خاوەنی بوو. بوونی کڵێساش بە خاوەن لەجیاتی تاکەکەس ئەو ڕاستی یە ناشارێتەوە کەوا باری سەرشانی سوخرەکێشان سووك بوونی بە خۆیەوە نەدیوە.

لەبارەی دووەم بۆچوونیش کە گوایە لە ڕووسیای ستالینی دا ئابوورییەکی نەخشەبۆڕێژراو هەبووە و لە سەرمایەدای دا هیچ نەخشەکێشانێك بوونی نی یە..ئەم قسەیە نادروستە.تایبەتمەندی سەرمایەداری ئەوەیە کە لە هەر یەکەیەکی سەربەخۆدا پلان دانان هەیە, بەڵام هیچ پلانێك لەنێو یەکەکاندا نی یە . لە کارخانەی فۆرد دا نەخشەسازی هەیە. هیچ کاتێك بۆ سەیارەیەك مەکینە و نیوێك بەرهەم ناهێنن, یاخود بۆ هەر سەیارەیەك سێ ویل، یەك فەرمانێکی ناوەندی هەیە لەبارەی بەرهەمهێنانی ژمارەی مەکینە و ویل و شتی تر بۆ هەر سەیارەیەك . بەم شێوەیە پلانێك هەیە .. بەڵام لە نێوان فۆرد و جەنەڕاڵ مۆتۆردا بیی سەروبەری یەك هەیە. لە ڕووسیای ستالینی دا بۆ ئابووری ڕووسیا پلان هەبوو بەڵام هیچ نەخشەسازی یەك لە نێوان ئابووری ڕووسیا و –بۆ نموونە– ئابووری ئەڵمانیا دا نەبوو.

سێ یەم بۆچوون دەربارەی جیاکردنەوە لە نێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ئەو هەڵەیەوەی کە گوایە دەوڵەت سەرچاوەی سامانە.ساڵی 1830 لە فەرەنسا شۆڕشێکی سیاسی بەرپابوو.پاشایەتی ڕووخێندرا و دەسەڵاتی کۆماری دامەزرا .بەلام ئەمە ڕێکخستنە کۆمەلایەتی یەکەی نەگۆڕی لەبەرئەوەی خاوەنی سامانەکان هەر سەرمایەدارەکان بوون نەوەك دەوڵەت. ئەگەر دەوڵەت گەنجینەی سامان بۆ وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی لە دەسەلاتداران دەبێ دەسەلاتە ئابووری یەکەشیان لێ بسێنێتەوە. هیچ جیاکردنەوەیەك نی یە لە نێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەلایەتی دا.

## ستالینیزم بزوتنەوەی جیهانی چینی کرێکاری
## لەخشتەبرد و ناوزڕاوی کرد

هەر کە ستالین کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر حکومەتی ڕووسیا دا کرد حزبە کۆمۆنیستەکانی شوێنە جیاجیاکانی کردە پاشکۆی مەرامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا.

لەم نموونە کەمانەی خوارەوە ئەمە دەردەکەوێت: لەگەڵ سەرکەوتنی هتلەر لە ئەڵمانیا دا، کاتێ ترۆتسکی جاڕی بەرەیەکی یەکگرتووی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی دا بۆ بەرەنگاری کردنی نازییەکان, ستالین,ترۆتسکی و حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای بە (سۆسیال فاشیست) ناوزەدکرد.

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر سەرکەوتنی هتلەردا, سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا کە سەر بەباڵی ڕاست بوو گەیشتە مۆسکۆ و هاوپەیمانی یەکی لەنێوان ڕووسیا و فەرەنسا دا مۆرکرد و ئاوازێکی تازە دەبیسترا. کۆمۆنیستەکان دەبێ پشتگیری لە دیموکراتخوازەکانی فەرەنسا بکەن. لە بەر ئەوەی کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا دەنگیان دا بە بودجەی سەربازی لە فەرەنسا.

لە ئابی 1939, دوای ڕێککەوتنی نێوان هێتلەر و ستالین, حزبە کۆمۆنیستەکان بەلایەکی تردا بایاندایەوە, کاتێ پۆلەندا لەلایەن ئەڵمانیای نازیەوە و لەلای خۆرهەڵاتەوە لەلایەن ڕووسیاوە داگیرکرا. مۆلۆتۆڤ (Molotov)ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند (بەلێدانێك لە خۆرهەڵاتەوە و بەلێدانێك لە خۆرئاواوە ئەم خوڵقێنراوە ناشیرینەی پەیماننامەی ڤێرسای لەئارادا نامێنێت). بەڵێ ڕاست بوو کە پۆڵەندا دروستکراوێکی ناشیرین بوو بەڵام دەبوو مۆلۆتۆڤ ئەوەشی بوتایە کە 3 ملیۆن جوولەکە و ملیۆنێك پۆڵەندی چی تر لە ئارادا نامێنن.

هەرگیز ئەو سەرووتارەی پراڤدام لەبیرناچێت کە لە 1ی ئایاری 1940 دا کە دەربارەی دوو نەتەوەی ئاشتی پەرستەوە دەدوا کە ئەویش سۆڤیەت و ئەڵمانیا بوو بەڵام کام ئەڵمانیا ... ئەڵمانیای هێتلەری. کاتێ ئەڵمانیا لە حوزەیرانی 1941 دا ڕوسیای داگیر کرد ئاراستەی حزبە ستالینییەکان بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا.ئەمجارەیان لە هەمان پراڤدادا ئەم سەر دێڕە بلاوبووەوە : {باشترین ئەڵمانی ئەو ئەڵمانییەیەکە مردووە}. لەساڵی 1943 دا چیرۆکێکم لە براڤدادا خوێندەوە کە ئیلیا ئێهرنبێرگ{ Ilya Ehrenburg}نوسیبووی و تیایدا وەسفی ئەوەی کردبوو کە چۆن سەربازێکی ئەڵمانی خۆی لەلای سەربازێکی سۆڤێتی دەداتە دەستەوە و هەردوو دەستی بەرزدەکاتەوە و دەڵێ {من کوڕی کابرایەکی ئاسنگەرم} ئەم قسەیە ئاشکرا ناوەرۆکێکی چینایەتی هەیە. بەڵام کاردانەوەی سەربازە ڕوسییەکە چی بوو؟ ئێهرنبێرگ لە چیرۆکەکەدا پێمان دەڵێت کە سەربازەکە وتویەتی {تۆ هێشتا ئەڵمانییەکی خوێن خۆریت و بەقەمەیەك کوشتویەتی}.

ئەم زیگ زاگ کردنە بەتەواوی ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی ئێرەشی گرتبووەوە. دوو مانگ دوای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم, زیندانی کرام. لە هەمان ئەو زیندانەدا کە سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنیستی فەلەستینیشی تیابوو. دوای دەستپێکردنی جەنگ ئەو بیرو ڕای وابوو کە ئەمە جەنگێکە دژ بە فاشیزم, هەروەکو چۆن چەند مانگێك پێشتر ئەم بۆچوونەی هەبوو.. لەبەر ئەوە بڕیاری دا وەکو خۆبەخشێك پەیوەندی بکات بە سووپای بەریتانیاوە. بەڵام ڕەوڕەوەی حکومەت خێرا ناچێتە پێشەوە و تەنها دوای دوو مانگ وەڵامی پێشنیارەکەی درایەوە و تیایدا هاتبوو کە ئەو دەتوانێ زیندان جێ بهێڵێت و پەیوەست ببێ بە سووپاوە. بەڵام ئەو ماوەیە بۆی دەرکەوتبوو کە جەنگە کە دژی فاشیزم نییە..لەبەرئەوە بیرۆکەی جێهێشتنی زیندان و پەیوەست بوونی بە سووپای بەریتانیاوە ڕەتکردەوە.

لە هەمان زیندانەدا چوار کەسی سەر بە ترۆتسکیزم هەبوون و ئێمە ڕاهاتبووین ناوی زیندانی لە خۆمان بنێین, بەڵام مائیر سلۆنیم Mair Slonimی سکرتێری گشتی بە زیندانییەکی خۆبەخش دادەنرا. لە ڕاستیشدا ئەمبەر و ئەوبەر

کردنی حزبی کۆمۆنیست بە ڕوونی بە سیمای یەکێ لە شەقامەکانی (حەیفا)وە دیاربوو : لە شەقامە لە سەر یەکێ لە دیوارەکان دروشمی {بژی جەنگی دژ بە فاشیست... PCP – یانی حزبی کۆمۆنیستی فەلەستین } نووسرابۆوە. لە سەر دیوارێکی تر نوسرابوو { بڕوخێ جەنگی ئیمپریالیستی ... PCP } . کاتێکیش ئەڵمانیا لە ساڵی 1941 ڕووسیای داگیرکرد, دروشمێکی تر بە دەرکەوت: { مەرگ بۆ هیتلەر و چەرچڵ هاوپەیمانە نهێنی یەکەی ... PCP }. دوای ئەمە بەماوەیەکی کورت دروشمێکی تر دەرکەوت: { بژی سوپای سوور و سوپای بەریتانیا هاوپەیمانی ... PCP } . سەیر ئەوەیە سەرجەمی ئەم دروشمە ناکۆك بە یەکانە ئاماژە بۆ یەك جەنگیش دەکەن.

جەنگ کە بەرەو کۆتایی دەچوو, لەو کاتەی کە خرۆشانە شۆڕشگێڕییەکان لە ئەوروپا جەماوەری دەبوونەوە, حزبە کۆمۆنیستەکان سیاسەتی مۆسکۆیان پەیڕەو دەکرد بۆکپکردنەوەی ئاگرەکە. لە ئابی 1944 هیزە ژێرزەمینییەکانی فەرەنسا کەلەلایەن حزبی کۆمۆنیستی فەرەنساوە ڕابەرایەتی دەکران, هێزەکانی ئەڵمانیایان لە فەرەنسا کردە دەرەوە. مۆریس سۆرێ Moourice Thorez ی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بەپەلە گەڕایەوە پاریس و بانگەوازی بۆ ( یەك سوپا, یەك پۆلیس, یەك حکومەت) کرد و بەم بۆنەیەشەوە پرۆسەی چەککردنی هێزە ژێرزەمینییەکان دەستی پێکرد.

لە ئیتالیاش بزوتنەوەیەك بەرەنگاری هەبوو بە ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا کە توانی دەسەڵاتی مۆسۆلینی لە ناو بەرێت. بەڵام تۆگلییاتی Togliatti سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا بە هەڵەداوان لە ڕووسا گەڕایەوە تاکو پشتگیری خۆی ڕابگەیەنێت بۆ ئەو حکومەتەی لە پاشا ( کە پێشتر هاوپەیمانی مۆسۆلینی بوو ) هەروەها جەنەڕاڵەکان کە هاوڕێ مۆسۆلینی بوون.

ئێمە دەتوانین زۆر لە سەر نموونە هێنانەوە بڕۆین لە مەڕ بەلاڕێدابەرانی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکان لە لایەن حزبە ستالینییەکانەوە. هێزە شۆڕشگێڕییە پەنهانەکان لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا زۆر لە وانە زیاتربوون کە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا سەریان هەڵدا. بەڵام حزبە ستالینی یەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە خەفەکردنی ئەم هێزانە و ڕێگریکردن لەوەی ببنە شۆڕشی ڕاستەقینە.

## گرنگی تیۆری سەرمایەداری دەوڵەتی

بۆ زیاتر لە 60 ساڵ ستالینیزم لە پشتگیری یەکی جەماوەری بەهرەمەندبوو لە ناو بزوتنەوەی جیهانی چینی کرێکاردا. سۆسیالیزمی شۆڕشگێر و ترۆتسکیزمیان خستە پەراوێزەوە. ناوەزد کردنی ستالینیزم وەکو کۆمۆنیزم جێگایەکی گرنگی هەبوو.

64

ئێیستا لە گەڵ داروخانی ڕژێمی ستالینیی لە ڕووسیا شتەکان بەرەو گۆڕان چوون. لە شوباتی 1990 ئیریك هۆبسباوم Eric Hobsbaum وتەبێژی حزبی کۆمۆنییستی بەریتانیا ئەم پرسیارەی بەرەو ڕوو کرایەوە: ( لە یەکێتی سۆڤێت دا لەوە دەچێت حکومەتی کرێکاری لەلایەن خودی کرێکارانەوە لە ناو چووبێت ), هۆبسباوم لە وەڵامدا ووت : ( ئەوە ئاشکرایە کە لە ڕووسیا شتێك نەبووە بە ناو حکومەتی کرێکارییەوە, هەرگیز کەسێ لە ڕووسیادا نەبووە بڕوای بەوە بووبێت کە حکومەتی کرێکاری لە ئارادایە. هەروەها کرێکارانیش بەم ڕاستییان دەزانی ). باشە بۆچی یەکێکی وەك هۆبسباوم 50 یان 20 ساڵ لەمەوبەر ئەم ڕاستیەمان پێناڵێت؟

**لە ڕێلادانی ئایدۆلۆجی تەواوی حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا زۆر بە ڕوونی لەو ساتانەدا دەردەکەێت کە کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمیتەی ناوەندی هاوزەمان لەگەڵ هەرەسهێنانی سۆڤیەتدا بەسترا و نینا تێمپڵ Nina Temple ی سکرتێری گشتی حزب تیایدا ووتی :**

**بڕوام وایە کە پارتی کرێکارانی سۆسیایست SWP لە سەر هەق بوون. ترۆتسکییەکان راستیان وتووە کە هیچ جۆرێك لە سۆسیالیزم لە ئەوروپای ڕۆژهەلأتدا نەبووە. بە بڕوای من دەبوو زۆر زوو ئەم قسەیەمان بکردایە.**

**بە خویندنەوی ئەم قسانەی نینا تێمپڵ, دەبێ ئەوە بێتە پێش چاومان کە چی ڕوودەدات کاتێ پاپای مەسیحییەکان ڕاییگەیەنێت کە هیچ خوایەك لە گەردووندا نییە؟ ئایە چۆن کلێسای کاسۆلیکی بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدات؟**

**شێواوی لە ناو سەرجەم حزبە ستالینییەکانی جیهاندا بە تەواوی زاڵە. ئەوانەی وەك ئێمە لە ڕابردوودا ( بە چەندین ساڵ بەر لە هەرەسهێنان ڕژێم ستالین ) ڕایان گەیاندووە کەوا ڕووسیا سەرمایەدارییەکی دەوڵەتی یە, ئەوا پردێکیان بەرەو داهاتوو دامەزراندووە. خوو نەریتە مارکسییە ڕیشەدارەکانیان پاراستووە – یانی دامەزراندنی سۆسیالزم لە خوارەوە بۆ سەرەوە.**

**حزبە ستالینییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا پشتگیرییەکی جەماوەریان هەبووە. ستالینیزم هەتاکو کاریگەریشی هەبوو بەسەر ئەوانەشەوە کە خۆیان بە نا ستالینی و دژە – ستالینی دادەنا. پاژنەی ئەخیل Achilles heelلەو بۆچوونە هەڵەیەوە سەر هەڵدەدا کە ئایە ستالینیزم لە ڕاستیدا چییە؟ ئەوان ستالینیان بە میراتگری شۆڕش دادەنا نەوەك گۆرهەڵکەنەکەی . پەیوەندی نێوان ستالین وشیاری ئۆکتۆبەر بەو پەیوەندییە دەچێت کە لەنێوان کلێسا وشیاری سامانەکەی دا هەیە – لە لایەکەوە وشیاری ئەو دارتاشە ناسرەییەی کە مێیزی سووخۆرەکانی قلْپ کرەوە وشیاری وتی : ( چوونی حوشتر بەناو کونی دەرزیەکدا زۆر ئاسانترە لەوە دەوڵەمەندێك چاوی بە بەهەشت بکەوێت).**